کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-8-2007 19:08

## ڤین تی ڤی و حوسام ڕەسام ... باوکی هەریاد

دەرکەوتنی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئازادو تایبەتمەند لە دونیای ڕاگەیاندنی کوردی شتێکە جێگای ئومێدو دڵخۆشیەو ڕێزگرتنە لە حەزوو ئارەزووی عاشقانی هونەرو گۆرانی کوردی و ڕەواندنەوەی تەمی ڕاگەیاندنی سیاسی و حزبیە کە وەك دەڵی ناخۆشیان کردووەو پیاو خەریکە سەرو دڵی پێیان تێك دەچی، چین تی ڤی موژدەیەکی خۆشە تروسکاییەکی ئومێدە لەشەوەزەنگ و ڕەنگە تەڵخ و تاڵەکانی کەناڵە حزبیەکان کە حەزدوکون بوردەوام ڕێزدار فلان پیشانگای وێنە بکاتەوەو لە ڤیستفاڵی گۆرانی کاك فلان لە پێشی پێشەوە بی و ڕووی کامیرا تەها لەسەر ئەو بی و ئیترو ئیترو ... ... .. ئیتر
ئەوەی تووشی شۆکی کردم و تووشی هەڵوێستەی کردم لەسەر ڤین تیڤی لە ڕۆژی جینۆسایدی برا یەزیدیەکان لە سەردەستی کوڕانی عروبە لە کەناڵی ڤین تی ڤی موژدەی هاتنی خاوەنی گۆرانی (یمە گرێتنی عگروبە) دایە توپشکێك پێی وەدام، پاشانیش کەناڵی ناوبراو لەسەر ڕیتمی کەناڵە تورکی و لوبنانیەکان لە فرۆکەخانە لە پێشوازی گۆرانی بێژی ناوداری عەرەبدابوو! بەراستی ئێمە میلەتێکی سەیرین؟! باشە لە وەتەی ئەو کەناڵە کراوەتەوە چەند گۆرانیبێژی ناوداری کورد لە دەرەوە بە سواری فرۆکە تەشریفی هێناوە؟ بۆ تا ئێستا نەمانبینی دەسکی گوڵ بۆ هیچ کامێکیان ئامادە بکری و لە کاتی دابەزینیان لە فرۆکە پێشکەشیان بکری؟ ئایا گۆرانی بێژان و هونەرمەندانی ئێمە شایانی ئەو ڕیزە نین یان خوی شیری هەتا پیری ئێمە ڕاهاتوین کوری خۆمان قوربانی کچی خەڵك بکەین و خەڵکی خۆمان نەیتە بەرچاو ئەوەی جێگای نیگەرانیە ئەو هەڵوێستەی ڤین تی ڤی شتێك نیە تەنها تایبەت بی بەو کەناڵە بەڵکو ئەو ڕیکلامەی بۆ ئاهەنگی گۆرانیەکانی حوسام ڕەسام لە لایەن چەند دەزگاو کۆمپانیایەکەوە کراوە بۆ هیچ هونەرمەندی کورد تا ئێستا شتی وا ڕووی نەداوە، من پێم وایە دوای ئەو هەموو قوربانی و تێکۆشانەی میللەتی کورد خەریکە بە دەستی خۆمان و بە پارەی خۆمان تەعریب دێنینەوە بۆ ناو ماڵی خۆمان. جاران لە زەمانی ڕژێمی لە ناوچووی بەعس بە شێوەیێکی بەرنامە بۆ ڕێژراو گەنجی کورد گوێی لە گۆرانی کوردی نەدەگرت بەڵام دوای ڕاپەرینی ساڵی 1991و دەرکەوتنی چەند کەناڵێکی ئاسمانی و کۆمەڵێك گۆرانی بێژی گەنج و بە توانانا تەوژمێکی پێچەوانە گۆڕەپانی هونەرو گۆرای گرتەوە ئەویش لە جیاتی گوێگرتن لە گۆرانی عەرەبی و فارسی و تورکی گوێگری گۆرانیبێژە کوردییەکانزۆر زیادی کرد دەبا ئەوەی بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر بەدەست هاتووە وا بە ئاسانی لە دەست خۆمانی نەدەی لە ساڵانی ڕابردوو چەندین شاندی ڕۆژنامە نووسی و ڕۆشنبیرو هونەرمەندی وڵاتانی عەرەبی دەهاتنە کوردستان دوای ئەوەی لێرە خزمەتێکی چاك دەکران و پارەیێکی باشیان لی خەرج دەکرا کە دەگەڕانەوە بە شێوەیێکی زۆر ناشایستە باسی سەرکردایەتی کوردو هەرێمی کوردستانیان دەکرد با ئێمە هێندە سادە نەبین و خۆمان پی بچووك نەبی

Srushti_jwan@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.